# لاڵەی شەو

شیعر



نووسینی: بڵێسەی پایز

# لالەی شەو

************************************

نووسینی : بڵێسەی پایز

شیعر

ڤێرشنی یەکەم، Pdf

************************************

پێشکەشە بە ئەو..

پێشکەشە بە بێدارانی شەو..

یان پێشکەشی ئەکەم بە مانگەشەو

# دەستپێك

******

دەستپێکی من تۆی

تۆ دەستپێکی ڕۆژی نوێی منی

هەروەك خۆر هەڵدێی بە شەرمنی

ئەڵێی بەهارە زیندوو ئەبمەوە وەك گەڵا

لەبیر دەکەم ناخۆشی و ئێش و بەڵا

ڕۆحم ئەکەم بە گوڵ

پێشکەشی تۆی ئەکەم

لە پێناو گەیشتن بە تۆ

شادیەکانم ئەکەم بە خەم

بۆ دڵشادی دڵی تۆ

دڵی خۆمت بۆ ڕائەخەم.

# باران

*****

بەدوای دڵۆپێك باران كەوتم

نەمتوانی بەردەوام بم كەوتم

هێزی جوانیت هەڵیساندمەوە

ئاگری عیشقت دایگیرساندمەوە

زوڵفت ڕوا لە كێوانی هەڵبەستم

لەجەمالی ڕووت سڕ بوو هەستم

باسی جوانیت بۆتە هەواڵی ژینم

ڕێگاكەت سەختە ئەی خاتوو زینم

ڕۆحم وا خەریكە دێت بۆ لات بە فڕین

هاتووە بە مەبەستی فرمێسك سڕین

هاتوە تا لای ببات ئەو  لێزمەبارانە

پێشت بڵێ با بەس بێ ئەم دابڕانە.

# چاڵ

*****

ڕۆژێ بینییم کرێکارێ

چاڵی لێئەدا لە شارێ

قوڵی کرد بە جارێ

پێی وتم ئاگەدار بە نەکەویە ناوی..

وتم جا ئەوە کەی چاڵە

دوو چاڵم دیون زۆر قووڵن

هەم دۆست تێیکەوتوون هەم دوژمن

پرسی لێم، چرپاندی بە گوێم

چەند جار دڵت کەوتۆتە ناوی؟

وتم هاوڕێ.. من تێیکەوتووم جارێ

وتی ئەو چاڵانە لە کوێن؟

وتم بۆی بگەڕێ لەسەر پەڕەی گوڵ

بەڵام وریای هەنگاوی دڵت بە دڵ.

# منالّی

*****

بیرمە کاتێ منالّ بووین

یاریمان ئەکرد لە خوێندنگە

گۆرانیمان ئەوت، ئاوازمان ئەچڕی

کەچی ئێستا ژوورەکەم بێدەنگە..

ئەو کات قژت زۆر کورت بوو

ڕێك وەك چرۆی دار

کەچی ئێستا قژت وەك گولّ نێرگزە

نووستوە لە باوەشی عەشقی بەهار.

# ژیان

*****

بریتیە لە خواردنەوەی چایەك لەگەڵ تۆ

دابنیشین پێکەوە بکەین گفتوگۆ

باس بکەین ناوی یەکەم مناڵ

کچە بۆ من و کوڕەش بۆتۆ

کچە ناو ئەنێم ترێ

کوڕەش بە دڵی تۆ

ئیتر ژیان پڕ ئەبێ لە جوانی

پێکەوە بیلێین ئاواز و گۆرانی

پێبکەنین بە ڕووی ژینا

لەبیر بکەین خەمی دونیا.

# لەگەڵم بە

*****

لەگەڵم بە لەم دونیایە

لەم بێسەر وبەریە لەم هەرایە

هەمووی بەسەریەك كەوتووە ئاڵۆز

نە وەفا ماوە نە خۆشەویستی و سۆز

, , ,

تا تەمەن ماوە با پێكەوە بژین

تۆ ببە بە باخ من ئەبمە پەرژین

پێكەوە بوەستینەوە لە بەردەم ژیان

پێی بڵێین بوەستە بەسە خەم و ژان

, , ,

ئەوەی گرنگە تەنها تۆ لەگەڵم بی

هەمیشە هاوسۆز هاوسەفەرم بی.

# ڕق

*****

ڕقم دەبێتەوە لەو کاتانە

کە تۆ نابینم لێرانە

ژیانم ئەبێت بە وێرانە

ڕقم لەوانەیە کە سەرقاڵم دەکەن

دوورم دەکەن لەو چاوانە

ڕقم زۆر دەبێتەوە لە ئیش و کار

چ لێرە بێ یان لە دێ یان لەشار

چونکە ناهێڵن بێم وببینم

شەوقی جوانی تۆ ئەی یار

بۆ جوانی تۆ خۆر ئەسوتێ

ئەستێرە ئەتوێتەوە جار جار

گەر شەوێ نەبینم تیشکی ڕووت

ژوورەکەم ئەبێ بە ئەشکەوت

پڕ دەبێ لە ئاه و حەسرەت

هاوار ئەکەم خوایە ڕەحمەت.

# فەیسبووک

*****

کە پێی شاد بوومەوە لەم فەیسبووکە

بەو کچە پاکە، ئاخ چەند ڕوح سووکە

لەبیر ناکەم ئەو ڕێکەوتە

ئەو سوپرایزە ئەو هەڵکەوتە

تۆم ناسیەوە بە ئاسانی

یەکسەر وتم تۆ (لالە) خانی

ئیتر لەو ڕۆژەوە لەخۆڕا

دڵم بەرەو خۆشی گۆڕا

دڵنیا بە لەبیرت ناکەم

مەگەر بمبینی لە گۆڕا

زۆر سوپاس فەیسبووک دووبارە

پێت گەیاندمەوە ئەو هاوڕێیە نازدارە.

# چاو

*****

دەڵێن خەو شیرینە

بەڵام چاوەکانم ناچنە خەو

کاتێ تۆ لە خەیاڵمی

سوودی چییە ئیسراحەتی شەو..

کوێر بێ چاوێك ماندوو بێ

لە تەماشای جوانی مانگەشەو

تۆ مانگەشەوی یاخوود پەری

چاوانی من هەردووکیانی دی

ئەی شاژنی کۆشکی خەیاڵم

ئەی ئەستێرەی ئاسمانم

ئەی یادگاریەکانی جارانم

ئێستاکە تۆ نووستوی

بەم شەوە درەنگە من بێدارم.

# ڕەنگ

*****

ئەپرسن جوانترین ڕەنگی دونیا چییە؟

نازانن وەڵامەکەی ڕەشە

چونکە هەم تۆ حەزت لێیە

هەم مانگ لە تاریکیدا گەشە

ئەزیزم ڕووی تۆ بۆ من مانگە

هەم هیلالە و هەم چواردەشە

ویستم وەسفی جوانیت بکەم

شەرمەزارە لە ئاستت پیت و وشە

جێگات ئەوەندە بەرزە لە دڵ

هەروەك لوتکەی چیا سەرکەشە

لەگەڵ ئەو هەموو هەستەم بۆت

کەچی چاوم لە بینینی تۆ بێبەشە.

## لانه

*****

بولبول کاتێ ناگات بە هێلانە

ئەبێ بە باڵندەیەکی بێلانە

هیچ خۆشی نابینێ لەم ژیانە

ئەوەی دەیچێژێ تەنیا ژانە

بە خەیاڵ هەست دەکا لە ژووانە

بەڵام شادی لەلای بووەتە بێگانە

هەر چوار وەرزی هەر خەزانە

ئاسمانیشی بروسکە و بێ بارانە

ئەگەر بباری دێتە خوارێ لەم چاوانە

تنۆك تنۆك دەبارێتە سەر ئەو کوڵمانە

فرمێسکی پەشیمانی و ئاخ و تاوانە.

# هاوین

*****

ئەزانم حەزت بە زستانە

بەڵام بۆت ئەنووسم دەربارەی هاوین

تا پێت بڵێم من و تۆ هێشتا ماوین

ماوین بۆ یەکتر تا مردن ئەمێنین

زۆر وەفادارین بەڵێن ناشکێنین

ئەوەش دەنووسم دڵەکەم بۆت

خۆت بیخوێنەوە تەنها خۆت

لە هەر کوێ بین بۆ یەك فەرزین

من ئەبم بە مەم تۆش ببە بە زین

پێکەوە ئەبین تا لەژێر خاکا ئەرزین.

# ڕۆژێك

*****

سەیر بکە چەند جوانە

ساڵێك چوار وەرزە

کێوەکەی لای ماڵمان

گەلێ زۆر بەرزە

پێکەوە ڕۆژێك پیادا سەرکەوین

دابنیشین لە ژێر ئاسمانی ئەوین

تێکەڵ بکەین سۆز و هەست و نەستمان

دووپاتی بکەینەوە ئەو بەڵێنەی بەستمان.

# گوڵ نێرگز

*****

نێرگز گوڵ نییە.!

نێرگز پرچەکانتە

نێرگز بۆنی نییە.!

نێرگز بۆنی زوڵفەکانتە

نێرگز ڕەنگی سپی نییە.!

نێرگز ڕەنگی کوڵمەکانتە

نێرگز لە شاخا نارِویێ.!

شوێنی نێرگز چاڵەکانتە

وەسفی جوانی تۆ بەمن ناکرێ

ئەوەی گوڵە شەرمەزارتە.

# شاری گیانم

*****

هەر تۆ بووی وەك چرا

ڕووناكت كردەوە شاری گیانم

هەر وەك مەشخەڵ هەڵكرا

بڵێسەی تواناى هێز و ژیانم

تۆ هەروەك ئەڵماس پاكی

ئەی هاوڕێی كۆنی جارانم

تۆ هەموو ساتێك لەلامی

ئەی خۆری گەشی ئاسمانم

ئەگەر بمەوێ لەبیرت بكەم

دڵم پێم ئەڵێ هەرگیز ناتوانم

تۆش نەكەی دڵ تەنگ بی

چونكە تۆ تەنیا نی ئەی خانم

تۆ لە دڵی من جێگەت بەرزە

خۆشمدەوێی وەك چاوانم.

# چی دەبوو

*****

چی دەبوو ئەو هەمیشە لێرەبایە
هەمیشە وشەی ناو هۆنراوەم بایە
هەموو کات عەتری پەرچەمی
بۆن و بەرامی ژوورەکەم بایە

, , ,

چی دەبوو گەر تەنیایی وجودی نەبوایە
دووری تۆ لە کابووسێك زیاتر نەبایە
بەڵام خۆزگەکەم زیاتر هاوڕێی مەحاڵە
چونکە سپاردەی ئەم ژیانە بۆ من وایە

, , ,

چی دەبوو عەشق تەنها خەیاڵ بایە
دەردی دڵ تەنها گەڵایەکی وەریو بایە
نە بێ وەفایی هەبوایە نە خیانەت
زامی دڵ تەنها برینێکی سادە بایە
چی دەبوو ..... چی دەبوو.....

# پەیام

*****

گوڵەکەم دڵ پەیامی بۆتۆ پێیە

ناسرەوێ چاوی هەر لە ڕێیە

چاویش ماندوو بوو لە بێ تۆیی

مەل هێلانەی بە جێ هێشت ڕۆیی

کە تۆ لێرە نیت هەورەکان ئەتوێنەوە

لێرە چیتر هیوا و ئاواتەکان نارِوێنەوە

کاتێ تۆ ڕۆیشتی

سوتا شکا برینداربوو دڵی من

چۆڵ بوو، بوو بە وێرانە مەنزڵی من

دوور کەوتەوە شادی، گوڵ وەری لە باخا

ڕۆحی من وەك گەڵایەك وشك بوو لە داخا.

# هەر تۆ

*****

هەر تۆ بەشداری لە خەم و شادیم

بە تۆوە گەشە گوڵی ئازادیم

لە ناڵەی سەختی شەویش بێزارین

هەر بۆ یەك نابین دڵ بە ئازارین

بە هیوا دەژین هەتا دەمێنین

زۆر وەفادارین بەڵێن ناشکێنین

وەکوو ئەستێرە و ماهی نیوەشەو

بۆ یەك ئەتوێینەوە بە خەیاڵ و خەو

کەی دێ ئەو ڕۆژە تێکەڵ بێ هەستمان

مەم و زین ، فەرهاد و شیرین غیرە بکەن لێمان

بەڵام ئاخ.. هیوامان یەکە و قەدەرمان جیاواز

ماندوو بووین لە شیعر و گۆرانی و ئاواز.

# ڕۆحی پەپولە

*****

لەنێو گوڵانا ، لە ناوەندی باخانا

پەپولەیەکم دی ڕۆح سووك

باڵەکانی ماندوو لە ژێر بارانا

ڕەنگی سپی شێوەی بووك

داماو بێبەش لە سۆزی یارانا

دڵ ناسك پڕاو پڕ لە ناز

بەڵام بەتەنیا و بێ نیاز

لە خۆمم پرسی

تۆ بڵێی ئەم پەپولەیە

دەرمانی ئێشی من نەبێ

پەرستاری ئەو دڵەم نەبێ

منیش بۆ ئەو ببم بە هیوایەك

ببم بە مۆم، ببم بە چرایەك..؟

# ئاوێنە

*****

تۆ ئاوێنەی جوانی دڵانی

تۆ ڕووناکی ئەستێرەی ئاسمانی

تۆ پاکی چەشنی تنۆکی باران

تۆ دڵڕفێنی هەروەك جاران

کێوەکان لە ترسی جوانیت دەلەرزن

هەورەکان بۆ بینینت هەمیشە بەرزن

لێوم تێنووی شەڕابی سووری تۆیە

دیدەی ماندووم تامەزرۆی نیگایەکی تۆیە

گوێچکەم چاوەڕێی وشەیەکی دڵی تۆیە

ڕۆحم ، گیانم ، ژیانم ، ژینم

کوشتەی پەڕەی گوڵ و چاو و ئەبرۆیە.

# کەشتی دڵداری

*****

کەشتی دڵداریم کەوتە نێو گێژەلووکەی عەشقت
کاپتنی کەشتی زیندانی بوو لەناو زوڵفی ڕەششت
کەناری شادیم لێ ون بوو کە دیم دوو چاوی گەششت
دوور لە ئاوایی، لەناو زەریای بێکۆتایی
نەخشە ڕێگام شەپۆلی نیگای تۆیە
پڕم لە ترس پڕم لە ڕاڕایی
خەمم ونکردنی ڕێگای دڵی تۆیە
ماسیەکان لەگەڵم ئەگرین
هەموویان چاو پڕ لە ئەسرین
ئەگرین بۆ بۆنی گوڵ نەسرین
لەناو ئەو دەریایەدا، وشکە دڵی من
کوانێ بارانی بەهارانت ئەزیزی من
بباره بەسەر بیابانی دڵم
تا گوڵ لێی بڕوێ ئەی گوڵم.

## لاله

*****

ئێواران خۆر ئەبینم ون ئەبێ

دەڕوا و چاوم دوای ئەو تاریك ئەبێ

نابینێ هیچ جوانێك هیچ گوڵێك

نه مانگەشەو دیاره نه ماڵی دڵێك

ئاسمان تەنراوه به هەوری ڕەش

هەر دڵی منه له نووری تۆ بێبەش

بۆ نایەی وەك لاله

بەتینی سۆزی گەرمت

بمسوتێنی وەك پەروانه

به نووری دیدەت

تیماری کەی دڵی زامدارم

چونکه نیگات بۆ من دەرمانه.

# کۆتا پەیام

****

عاشقێکی ماندووم بێزارم لە خۆم

تەنیا و وشك برینداریێکی سەرەڕۆم

ئەتوێمەوە شەوانە هەرووەکوو مۆم

هەواڵم گەیشتە وڵاتی عەجەم و ڕۆم

نییە فریادڕەسێ دەرمان بێنێ بۆم

ئەڵێم سەرم هەڵگرم و یەکسەر بڕۆم

بڕۆم بەرەو خاکی تەنیایی

لەوێ سەر بنێمەوە بە ئەسپایی

لەبیر بکرێم تا هەتایە

سپاردەی ئەم ژینە ئاوایە

کۆتا وتەم ئەوەیە یاران

تا عومرم نەچووە بە زایە

دەڵێم یاران وەسیەت بێ

هەواڵم مەدەن بە دایە.

بۆ نایەی وەک لالە

بەتینی سۆزی گەرمت

بمسوتێنی وەک پەروانە

بە نووری دیدەت

تیماری کەی دڵی زامدارم

چونکە نیگات بۆ من دەرمانە.

